# فیستیڤاڵی ساڵیادی (٦٠)ەمینی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ

ئەمرۆ ٢٠٠٨/١٢/٢ بەچاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ساڵیادی (٦٠)ەمینی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەهۆڵی شەهید (سەعد عەدوڵلا) بە دروشمی (٦٠ ساڵ کارکردن بۆ گۆڕانکاری لە ڕەوشی مافی مرۆڤ) فیستیڤاڵێکی گەورەی سازدا.

سەرەتای فیستیڤاڵەکە بە مارشی ئەی ڕەقیب کرایەوەو دەقیقەیەك بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان سەری ڕێزیان دانەواند... ئینجا د.شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە وتەیەکیدا بەم بۆنەیەوە گوتی:

بێگومان دەرچوونی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ وەرچەخانێکی گرنگ بوو لە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا بە تایبەت دوای ڕووداوە گرنگەکانی سەدەی بیستەم و ئەو کردەوانەی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کرا.. هەر ئەوەشبوو وای کرد کە دوای جەنگی جیهانی دووەم هەموو دونیا دەرك بەوە بکەن هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو پێشێلکاریيانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی کرا ڕێگای لێبگیرێ.

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە دوای یەکگرتنەوەی حکومەت و دەستبەکاربوونی کابینەی پێنجەم هەوڵی جیدی دراوە بۆ پەیڕەوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکاریيانەی لە یاساکان کراوەو باشکردنی ڕەوشی بەندیخانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشێلکارییەکانی دژی ژنان و دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانی و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لە (جنێڤ) و ڕێکخراوەکانی (ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆناڵ و هیومان ڕایتس ووچ و خاچی سووری نێودەوڵەتی و (UN) و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەشیکردەوە کە سەرباری ئەوەی کە هیچ کارکردنێك بێ کەموکوڕی نابێ، بەڵام توانراوە جۆرێك لە گۆڕانکاری لەم ڕەوشەدا لە کوردستان بێتە ئاراوە، ئەویش بە هەڵمەتی هوشیارکردنەوە بەتایبەت لە لادێکاندا.. دوابەدوای ئەو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم یادەدا وتەیەکی پێشکەشکرد کە تیایدا بە چڕوپڕی باسی لە بنیات و پیرۆزی و زەروریەتی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا کرد..

ڕایگەیاندو گوتی:

راستە پێشێلکاری و ناتەواوی هەیە، بەڵام ئێمە وەکو حکومەت لە میانی وەزارەتی مافی مرۆڤ هەوڵی بێشومارمان داوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم پێشێلکارییانەو کارمان بۆ کردووەو بەدەم سکاڵای هاووڵاتییانەوە چووینەو سەردانی بەندیخانەکانمان کردووەو لە رەوشی زیندانیانمان پێچاوەتەوەو لێبوردنی گشتی-مان دەرکردووە بەم مەبەستەی کە ئەوانەی تاوانێکیان ئەنجامدابوو و ئەم لێبوردنە دەیگرێتەوە سەر لە نوێ بێتەوە ناو کۆمەڵگە سوودمەند بووبێ و ژیانی گۆڕانی بەسەرداهاتبێ و بە بنیاتی ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە...

ئاماژەشی بەوەدا کە حکومەت بەبەردەوامی لە هەوڵەکانیدا دەبێت بۆ بنبڕکردنی پێشێلکارییەکان، چونکە پاراستنی مافی مرۆڤ رێچکەیەکی گرنگی پێداچوونە بەرەو دیموکراسیەت...

کوردستان دەلۆیی ئەندامی بۆردی راوێژکاری

ئینجا خاتوو وتاری بۆردی راوێژکاری لە دیوانی وەزارەت خوێندەوەو تیایدا گوتی: بۆردی راوێژکاری مافەکانی مرۆڤ پێکهاتووە لە نوێنەرایەتی (٢٠) رێکخراوی ناحکومی چالاکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و (٢) رێکخراوی نێودەوڵەتی چالاك لە بواری مافی مرۆڤ و نوێنەرایەتی (UNANT) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە کار دەکەین لە پێناوی یەکخستنی تواناو بیرۆکەکان و باشتر چاودێری کردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان...

ئاماژەی بەوەشدا کە لە ماوەی کارکردنیدا دوو کۆنفرانس و (١٤) کۆبوونەوەی ئاسایی و (١) کۆبوونەوەی نائاسایی بەستووەو هەمووشیان لەسەر شیتەڵ کردن و شرۆڤە کردنی بارودۆخەکانی مافی مرۆڤ و دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و مافەکانی منداڵ و ئەو پێشێلکارییانەی کە رێکخراوەکان بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت تۆماریان دەکەن.

هاوکات لە وتارەکەیدا باس لەوەکراوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ وەکو دەزگایەکی تەنفیزی گرنگی حکومەت ئەو هەلەی رەخساندووە کە بوار بە رێکخراوەکان بدرێت تواناو لێهاتوویی خۆیان بنوێنن.

دوابەدوای ئەمە وتاری لێژنەی باڵای هەڵسەنگاندنی خەڵات لەلایەن خاتوو (تاڤگە عومەر رەشید) بەڕێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ خوێندرایەوەو گوتی:

بەشیاومان زانی کە رێز لەو رێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییانەی کە بێپەرواو بە بەردەوامی لە خزمەتکردنی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی کردن لەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەلگەی کوردستانیدا لە تێکۆشاندا بوون...

ئاماژەشی بەوەدا کە بۆ ئەم مەبەستەو لە فیستیڤاڵی ئەمرۆدا رێز لە (٥) رێکخراوی چالاك لە بوارە جیاکانی مافەکانی مرۆڤدا دەنرێ... ئەمەش لە ئەنجامی بیرورا گۆرینەوەی لێژنەیەکی (٢٥) کەسی کە لە کەسانی پسپۆر لەم بوارەدا پێکهاتبوو و تەنها یەك لایەن بریار لەدەستنەبووە، بەڵکو بریارەکان بە کۆی دەنگ و پاش هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی ورد دراون بریار درا ئەم رێکخراوانە خەڵات و رێزلێنانیان پێبدرێ:

١- رێکخراوی فریاکەوتنی میللی P.A.O

٢- رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت C.D.O

٣- رێکخراوی هەتاو

٤- رێکخراوی ئەلند بۆ دیموکراسی کردنی گەنجان

٥- رێکخراوی هەنگاو

هەر لەم فیستیڤاڵەدا بەرێز لوقمان حاجی قادر بەرێوەبەری ماڤی مرۆڤ لە رانیە باسی لە ئاستەنگەکانی بەردەم مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان کرد و رایگەیاند کە وەزارەتی ماڤی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە هۆشیارییەی کە دەستی داوەتێ ئامانجی سرینەوەی ئەو لایەنە نێگەتیفانەیە کە بەدرێژایی مێژووی دوورو نزیك کاریگەری خراپیان لەسەر کەلتووری کورد جێهێشتووە... هەرچەندە ئەنجامدانی ئەم کارە ئاسان نییە، چونکە دەچێتە چوارچێوەی گۆرانێکی کومەڵایەتی ریشەییەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژی گەرەکەو دەبێت گۆرانکاری لە عەقڵی تاکەکاندا دروست بکرێت.

سەرباری ئەمانەش فیستیڤاڵەکە بەچەند چالاکییەکی هونەری مۆزیك لەلایەن تیپی مۆزیکی گەنج و شانۆنامەیەك بەناوی (توندوتیژی) کە ژنە هونەرمەندی لێهاتوو (ئۆسکار ئیسماعیل) ئامادەو کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو گوزارشتی لەو توندوتیژییانە دەکرد کە دەرهەق بە خودی ژن دەکرێ و کۆمەڵە هونەرمەندێکی کورو کچ بەشدارییان تێداکردبوو...








2008 12 2


LUQMAN
2008 12 2




ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی مافی مرۆڤ
فیستیڤاڵی (٦٠)ەمین ساڵیادی جاڕنامە
انیی مافی مرۆڤ
KORG
LUQMAN
2008 12 2


2008 12 2